وتار

ئۆرهان پاموک

# کتێبخانە تورکییەکەم

لە تورکییەوە: بەکر شوانی



کتێبخانەی باوکم، یەکەم تۆوی کتێبخانەکەی منە. لە حەڤدە هەژدە ساڵیمدا دەستم کرد بەوەی خۆم زۆربەی کات بەتەنیا کتێب بخوێنمەوە و بە رادەی کتێبخانەکانی ئەستەنبوڵ، لە هۆڵی ماڵەوەماندا پەلاماری کتێبخانەی باوکیشم دا. لەو سەردەمەدا بوو دەستم کرد بەوەی ئەگەر کتێبێکم بخوێندبایەوە و پەسندم بکردایە، لە کتێبخانەی باوکم دەرم دەهێنا، دەمبردە کتێبخانەی ژووری خۆم و لە نێوان کتێبەکانمدا دام دەنا. باوکم

خۆشحاڵ بوو بەوەی کە کوڕەکەی کتێب دەخوێنێتەوە، شادمان دەبوو کاتێک دەیبینی هەندێک لە کتێبەکانی ئەو دەخەمە کتێبخانەی خۆمەوە، هەر جارێک کتێبێکی کۆنی خۆی لەسەر ڕەفەکانی من بدیتبایە، سەری دەنایە سەرم و دەیگوت: «ئۆهۆ، ئەم کتێبەش پایەی بڵندی پێ ڕەوا بیندراوە!»

ساڵی ١٩٧٠، لە هەژدە ساڵیمدا وەک هەر منداڵێکی تورکی تامەزرۆی کتێب دەستم کرد بە شیعر نووسین. لە سەرێکەوە هەستم دەکرد چێژی وەرگرتووم لە خوێندنی بیناسازی و نیگارکێشان لە دەست دەدەم، لە سەرێکی تریشەوە، تا نیوەی شەوان بەدزیی هەمووانەوە و بەدەم جگەرەکێشانەوە شیعرم دەنووسی. باوکم لە هەرەتی لاویدا ویستبووی ببێت بە شاعیر، منیش لەو بڕگەیەی تەمەنمدا هەرچی کتێبی شیعری ناو کتێبخانەی وی هەبوو، هەموویم خوێندەوە. شەیدای کتێبی بەرگ تەنک و ڕەنگ کاڵی شاعیرانی دەورانی یەکەم (١٩٤٠-١٩٥٠) و دەورانی دووەم (١٩٦٠-١٩٧٠)ی مێژووی شیعری نوێی تورکی بووم، دیوانگەلی ئەو شاعیرانەم دەخوێندەوە و چێژم لەوە وەردەگرت بە لاساییکردنەوەی ئەوان شیعر بنووسم. ئۆرهان وەلی، مەلیح جەودەت و ئۆکتای ڕەفعەت سەر بە دەورانی یەکەمی شیعری نوێی تورکی بوون، زمان و گاڵتە و گەپی هاوولاتیی سەر شەقامیان هێنابووە ناو شیعری هاوچەرخی تورکییەوە، شێوە دەربڕینی زمانی فەرمیی لە دنیای داپڵۆسێنەر و خۆسەپێنەرەوە سەرچاوەگرتوویان تووڕ هەڵدابوو، پاش ئەوەی پێکەوە نۆبەرەی دیوانی شیعری خۆیان بە چاپ گەیاندبوو، وەک گرووپی "نامۆ" ئاماژەیان بۆ کرابوو. باوکم، جاروبار چاپی یەکەمی دیوانی یەکێک لەو شاعیرانەی لە کتێبخانەی خۆی دەردەهێنا، بۆ دڵخۆشکردنی ئێمە و سازکردنی کەیفمان و زاخاودانی مێشکمان یەک دوو شیعری پڕ لە گاڵتە و جەفەنگی بە دەنگی بەرز بۆمان دەخوێندەوە. باوکم بەم نواندنەی، ئەوەی پێشانمان دەدا کە ئەدەبیات یەکێکە لە جوانترین ڕەهەندەکانی ژیانی. دەورانی دووەمی شیعری نوێی درێژەپێدەری نوێخوازیی دەورانی یەکەمیش، بە داماڵینی وێنەکاری و دەنگی گێڕانەوە لە شیعر و بە گەیشتنی ناوبەناوی بە تێکەڵەیەک لە دادایزم و سوریالیزم و هەندێک جاریش خۆ خەملاندن، منی وەجۆش دەهێنا. کاتێک جاروبار بەشێوەیەکی سەیر شیعری هەم ئاڵۆز و دژوار و هەم کاریگەری شاعیرانی وەک جەمال سوورەیا، تورگوت ئویار و ئیلهان بەرکم دەخوێندەوە «هیچیان لە ژیاندا نەماون»، کتومت خۆم وەک کەسێکی سادە و ساویلکە دەهاتە پێش چاو کە سەیری تابلۆیەکی "ئابستراکت" دەکات و پێی وایە دەتوانێت خۆیشی هەمان شت دروست بکات. وەک چۆن نیگارکێشێک تەماشای تابلۆیەک دەکات و پێی وایە

له شێواز و جۆری کێشانی  تێ گەیشتووە و بەمەبەمەستی نیگارکێشان بەپڕتاو خۆی دەگەیەنێتە نیگارخانەی خۆی، منیش لە بەردەم مێزی خۆم دادەنیشتم و دەستم دەکرد بە نووسین.

شیعری تورکیی شاعیرانی تر، لەبەرئەوەی بە زمانێکی داتاشراو و دوور لە ژیانی رۆژانە دەنووسران، جگە لە برێک تابوو شکاندنی ناویان و هەندێک لە شیعر و بەیتە نایابەکانیان، وەک شیعر نا، بگرە بەر لە هەموو شتێک وەک مەسەلەیەکی رووناکبیری سەرنجی منی رادەکێشا. ئایا شاعیری خۆماڵی لە ژێر کاریگەریی سەردەست و کارتێکەری بە رۆژئاواییبوون و هاوچەرخبووندا چۆن و تا رادەی چەندی لە کەلەپووری بەسەرچوومان پێ دەپارێزرێت؟ ئایا چۆن دەتوانین لە شیعری هاوچەرخدا جێی داهێنانی ئەدەبی و جوانکاریی دیوانی شاعیرانی دەستەگوڵی سەردەمی عوسمانی، کە لە ژێر باندۆری ئەدەبیاتی ئێراندا ئەفراندوویانە و نەوەی نوێ بێ فەرهەنگ و رابەر لێیان تێ ناگات، بکەینەوە؟ ئەم پرسیارانە بە دەستەواژەی وەک "سوودوەرگرتن لە کەلەپوور" ئاماژەیان بۆ دەکرا و وەک نووسەرانی نەوەی پێش من، ماوەیەکی درێژ نووسەرانی نەوەی منیشیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کرد. شیعری بەهێزی عوسمانیی خۆ پاراستوو لە کاریگەریی رۆژئاوا و پرسە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی سایەی کەلەپووری سەدان ساڵەی شیعری عوسمانی، ئاسانتر و بێ گرێ و گۆڵ تاوتوێ دەکران. نەبوونی ژانری پەخشان و رۆمان، رێی خۆش دەکرد بۆ ئەوەی ئێمەی رۆماننووسانی خاوەن ئەندێشەی ئەدەب و بەرهەمیی خۆماڵی رووی نیگامان لە شیعر بکەین. سەرەتای سالآنی ١٩٧٠، دوای ئەوەی چێژ و جۆشی شیعرم لە ماوەیەکی کورتدا گڕی گرت و پاشان کوڵ و کۆی دامرد و بڕیارم دا ببم بە رۆماننووس، لە تورکیا شیعر ئەدەبی راستەقینە بوو؛ رۆمانیش، وەک شتێکی نزمتر و گەلەری چاوی لێ دەکرا. ئێستاش نابێت بە ناڕەواییکردن ئەگەر بڵێم لە ماوەی سی و پێنج ساڵی رابردوودا رۆمان گەیشتووەتە ئاستێک بایەخی زیاتری پێ بدرێت و شیعریش بەهای خۆی لە دەست داوە. لە هەمان ماوەدا خوێنەری ئەدەبیات و پیشەسازیی کتێبیش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی سەند و دەوڵەمەند بوو.

ئەو سەردەمەی من بڕیارم دا ببم بە نووسەر، چ لە شیعر و چ لە رۆماندا چەمکی ئەدەبیاتی بالآدەست هەر ئەوە نەبوو نووسەر تەنیا بە وشەکانی تاکە کەس "تەنیا خۆی" گوزارە لە خۆی و روح و نامۆیی خۆی بکات، بگرە نووسەر پێکەوە لەگەڵ دەستە و تاقم و کۆڕ و کۆمەڵ و هاوڕێیانیدا دەکەوتە کار و بەلایەوە گرینگ بوو سوود بە یوتۆپیای

کۆمەڵایەتی و خەیاڵەکانی وەک نوێخوازی، سۆسیالیزم، ئیسلامییەت، نەتەوەپەرستی و کۆماریخوازیی لایست بگەیەنێت. لەم روانگەیەوە بزوێنەری سوودوەرگرتن لە مێژوو و کەلەپوور نەبوو بە گرفتی ئەدەبی لەسەر رێی سوودگەیاندن بە نووسەرانی داهێنەر بۆ دۆزینەوەی گونجاوترین شێوازی هەڵگری دەنگی ئەدەبیی تایبەت بە هەریەکەیان، بگرە بە پێچەوانەوە، ئەو سوودوەرگرتنە بوو بە بەشێک لە خەون و خولیای بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەختەوەر و میانڕەو لە داهاتوودا و تەنانەت وەرگەڕایە سەر هاوکاریکردنی دەوڵەت لە بنیاتنانی میللەتدا. جاروبار بیر دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم چ رۆشنبیران و کۆماریخوازانی لایست و چ سۆسیالیستانی یەکسانیخواز، لەبەرئەوەی زیاد لە پێویست چاویان لە ئەدەبیاتی گەشبینی نوێخواز و داهاتوو بڕیوە، جلەوی روحی رووداوەکانی سەدساڵی رابردووی ناو کۆڵان و ماڵانی ئەستەنبوڵیان لە دەست بەربووە.

نووسەرانی هەڵگری خەمی چۆنیەتیی گەیاندنی تورکیا بە داهاتوویەکی پرشنگدار نا، بگرە پێم وابوو نووسەرانی وەک تانپینار و عەبدولحەق شیناسی هیساری شینگێڕ بۆ کولتووری لەناوچوو و نووسەرانی وەک ئەحمەد راسیم، سەعید فایەق و عەزیز نەسین، کە بێ بڕیاری پێشوەخت شیعر و ژیان و بزاوتی کۆڵانەکانی ئەستەنبوڵیان خۆش ویستووە، راستگۆیانەتر باس لە ژیانی ئێمە دەکەن.

دوای دەست پێکردنی بە رۆژئاواییبوون و نوێخوازی، بەتەنیا ئەدەبیاتی تورکی نا، بگرە گرفتی بنەڕەتیی سەرجەم ئەدەبیاتەکانی دەرەوەی رۆژئاوا ئەوە بوو ناچار بوون لەگەڵ دەستبەجێ بەخەیاڵی داهاتووەوە پەسەندکردنی رەنگەکانی دوارۆژ و پێشبینیکردنی مرۆڤ و وڵاتی هاوچەرخدا، هاوکات چێژەکانی بەسەربردنی ژیان لە دنیای باوی هەبووشدا لە ئامێز بگرن. ئەو نووسەرانەی بیریان لە داهاتوویەکی تەواو جیاواز دەکردەوە، زۆربەی کات پێیان هەڵدەخزایە ناو شەڕی سیاسی و گێرمە و کێشەی دەسەڵاتەوە، گیرسانەوەشیان لە زیندان دەنگ و چاودێریکردنی ئەوانی توندتر و بەئازارتر دەکرد.

لە کتێبخانەی باوکمدا دیوانەکانی پێش کەوتنە زیندانی نازم حیکمەتیش هەبوون کە لە سەرەتای ساڵانی ۱۹۳۰دا چاپ کرابوون. هێندەی ئەوەی کەوتمە بەر کاریگەریی شێوازی گەشبینانەی پڕ لە هەڵچوون و ئومێد و بڕواهێن بە داهاتوویەکی بەختەوەر و بەر شێوازی نوێخوازیی وەرگیراویان لە فوتوریستەکانی رووسەوە (فوتوریست: ئەو کەسانەن کە بیر لە سیناریۆکانی داهاتوو دەکەنەوە و پێشبینیی دوارۆژ دەکەن... وەرگێڕ)، بارتەقای ئەوەش کەوتمە ژێر باندۆری دەرد و ئازارەکانی شاعیر، رۆژانی بەسەربردووی لە گرتووخانە و

گێڕانەوە و یاداشتەکانی ڕۆماننووسانی راستبین ئۆرهان کەمال و کەمال تاهیری هاوزیندانیی نازم حیکمەت سەبارەت بە ژیانی ناو گرتووخانە.

یاداشتی رۆشنبیران و ئەو رۆژنامەنووسە تورکانەی کەوتوونەتە زیندان و ئەو رۆمان و چیرۆکانەی کە رووداوەکانیان لە گرتیگەکاندا دەقەومێن، بەسن بۆ ئەوەی مرۆڤ کتێبخانەیەکیان لێ پێک بهێنێت. سەردەمانێک ئەوەندە ئەدەبیاتی گرتووخانەم خوێندەوە، هێندەی زیندانیکراوێک فێری ژیانی قاوشەکانی گرتووخانە، زمانی بازارەکیی زیندان، کە زۆر حەزم لێ دەکرد و فێری یاسا و ریساکانی سنگ دەرپەڕاندن و چەقاوەسوویی و جوامێریی گرتیگە بووم. ئەو سالانە ژیانی نووسەر وا دەهاتە بەرچاوم وەک ئەوەی بەردەوام پۆلیس لە پێش مالی راوەستابێت، لە کۆلان و سەر شەقام پۆلیسی نهێنی چاودێریی بکات، گوێ لە تەلەفۆنەکانی بگیرێت، نەتوانێت پاسپۆرت دەربهێنێت و لە گرتووخانە نامە و شیعری کاریگەر بۆ یاری خۆشەویستی بنووسێت. هیچ تامەزرۆی ئەو ژیانە نەبووم کە لە ناو کتێبەکانەوە فێری بووبووم، تەنیا ئەوەندە هەبوو بە رۆمانسیم دەزانی. دوای سی سال، کاتێک تۆزقالێک لەو تەنگاسی و نەهامەتییانە بەسەر خۆیشم هات، دلی خۆم دەدایەوە و بە خۆم دەگوت ئەوەی بەسەر من هاتووە زۆر سووک و سادەیە لە چاو ئەو رەوشەی کە نووسەران لە کتێبەکانی خۆیاندا باسی لێوە دەکەن و من لە تافی لاویدا بەسەرسامییەکی ئاشکرا و هەستێکی نامۆی رۆمانسییەوە خوێندبوومنەوە.

چ جێی داخە تەنیا کەمێک لەو بۆچوونە رۆشنگەر و بەسوودەم ون کرد کە دەلێت کتێب شتێکە ئێمە بۆ ژیان ساز و تەیار دەکات. رەنگە لەو سۆنگەیەوە بووبێت کە ژیانی نووسیاری لە تورکیا بەردەوام ئەم راستییەی دەسەلماند، یاخۆ لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا هیچ کتێبخانەیەکی گەورە لە تورکیادا نەبوو مرۆڤ بتوانێت بەئاسانی هەموو کتێبێکی تێدا بدۆزێتەوە. لە کتێبخانەی خەیالیی بۆرگەسدا هەر کتێبێک رەهەندی ئەفسووناویی خۆی هەیە، رۆمانسییەتێکی گونجاو لەگەل جەنجالیی جیهان و بێ سنوورییەکی میتافیزیکی لە کتێبخانەکەدا بەدی دەکرێت و لە پشت ئەو خەیالەشەوە کتێبخانەی گەورەی پڕ لە کتێبی لە ژماردن نەهاتوو و پێدا رانەگەیشتن بۆ خوێندنەوە هەیە. بۆرگەس بۆ خۆی لە بۆنیۆس ئایرەس بەرێوەبەری کتێبخانەیەکی لەو جۆرە بوو. بەلام لە تافی لاویی مندا لە ئەستەنبول و تورکیا هیچ کتێبخانەیەکی لەو جۆرە نەبوو بە رووی تامەزرۆ و ئارەزوومەنداندا کراوە بێت. کتێبی نووسراو بە زمانی بیانیش لە هیچ کتێبخانەیەک وەگیر نەدەکەوت. بۆ ئەوەی گشت شتێک فێر ببم، کەسێکی زانا و تێگەیشتووم لێ دەربچێت و

لەو سنووره خنکێنەرانە رزگـارم بێت کـە دەسـتــە و تاقم و برادەرایەتی و دیپلـۆمـاسـیی ئەدەبی و قـەدەغـەکـان باوەشـیـان پێـدا کـردبوو و پارێزگـارییـان لـێ دەکـرد، دەبوو خـۆم کتێبخانەی گەورەی خۆم دابمەزرێنم.

بەمـەبەسـتی ئەوەی بتوانم کتێبخـانەیـەکی پڕ لە کـتێبی بـەسوود پێکەوە بنێم، لە نێوان سـالانی ١٩٧٠ و ١٩٩٠دا کـتێب کڕین، لە دوای نووسین، گرینگترین کـاری من بوو. باوکم خـەرجییـەکی باشـی گیرفانـی دەدامێ. لە هـەژدە سـاڵیمـەوە کردم بە خـوو هـەفتـەی جـارێک سـەرم لە پەڕاوفـرۆشـەکـانی بایەزید دەدا. ئـەو شـوێنانـە زۆر بەدژواری بە سـۆپـای بچـووکی کارەبایی گـەرم دەکران، لێوانلێو لە قـوولەی کتێبی پۆلێن نەکراو، لە فرۆشیارەوە تا خاوەن دووکان و لە میوانانی بەرێکەوتەوە تا تامەزرۆیانی عەودالی کتێب، هـەر هـەموو فرە هـەژار و نەدار دەهاتنە پێش چاو. من چەندین سەعات و رۆژم لەو شـوێنانە بەسـەر برد. خۆم دەکرد بە دووکانێکی فرۆشـیاری کتێبی دەستی دوودا، دانە بەدانەی کتێبەکانم سەروبن دەکرد، کتێبێک سەبارەت بە پێوەندییـەکانی دەوڵەتی عوسـمـانی و سوێد لە سەدەی هـەژدەیەمـدا، بیرەوەرییـەکانی گـەورەی پزیشکانی نەخـۆشـخـانـەی ئەقڵ لە باقرکـۆی، بیرەوەرییـەکانی رۆژنامــەنووسـێکی بینەری کـودەتایەکی سـەربازیی سـەرنەکـەوتوو، کـتـێـبـێکی وێنەدار سـەبارەت بە باڵەخـانە و بارەگـاکـانی عوسـمـانی لە مـەکـەدۆنیـا، گـۆڵـبـژێرێکی تورکی لە بیرەوەرییەکانـی گەشـتیـارێکی ئەڵمان کە لە سـەدەی حـەڤدەیەمدا سـەری لە تورکیـا داوە، بۆچوونەکانی پرۆفیـسـۆرێکی کـۆلێژی پزیشکیی چاپا لـەبارەی شـڵـەژانی باری دەروونی و شیـزۆفرینیاوە، دیوانی شـاعیرێکی لە بیرکراوی عوسـمـانی کە شیـعرەکانی خـراونەتە سـەر زمانی تورکیی هـاوچەرخ و شیکردنەوەیان بۆ ئەنجام نەدراوە، یاخۆ کتێبێکی پڕوپاگەندەی پڕ لە وێنـەی رەش و سـپـیم سـەبارەت بـە پرد و رێگاوبانەکـانی لە سـالانی ١٩٤٠دا لەلایەن پارێزگـای ئەسـتـەنبـوڵەوە بـە ئەنجـام گـەیەنـدراو هەڵدەبژارد، لەگـەڵ یـارۆی فـرۆشـیـاردا دەکەوتمە سـەودا و مامـەڵە و دەمکڕی. لە سـەرەتادا سـەرجەم کارە کلاسیکەکانی ئەدەبیاتی جیهان و تورکیم، راستتر وایە بۆ ئەدەبیاتی تورکی بڵێم "کتێبە گرینگەکان"م کۆ دەکردەوە. بۆ کتێبەکانی تریش دەمگوت بێگۆمان رۆژێک لە رۆژان وەک کتێبەکانی ئەدەبیاتی کلاسیک دەیانخـوێنمەوە. دایکم، کە زۆر لە فرە خوێندنەوەی من خەفـەتی دەخـوارد، کاتێک دەیبـینی زیاد لەوەی دەیخـوێنمـەوە، کـتێب دەکـڕم، بە بێـزارییـەوە دەیگوت: «ئـێ بارەخ ئەمـجـارە تـا لە خوێندنەوەی ئەم کتێبانە نەبیتەوە، کتێبی تر مەکڕە!»

تەنیـا بەمـەبەسـتی کـەڵەکەکردن کـتێبم نەدەکـڕی، بگرە بۆیە دەمکڕین، تـا لە داهـاتوودا

سەرلەبەریان بخوێنمەوە و لە زووترین کاتدا واتای جیهان و ئەوەم بۆ روون ببێتەوە بۆچی تورکیا تا ئەو رادەیە هەژار و پڕ لە گرفت و کێشەیە؟ کاتێک تەمەنم لە بیست ساڵان نزیک کەوتەوە، هاورێ و برادەرانم دەهاتنە ئەو ماڵەی کە لەگەڵ دایک و باوکمدا تێیدا دەژیام، دەیانبینی وا خەریکە گشت ژوورەکان پڕ دەبن لە کتێب و دەیانپرسی ئەم کتێبانەت بۆچییە؟ بەڵام من نەمدەتوانی وەڵامێکی تێروتەسەلیان بدەمەوە. برادەرانم دەیانپرسی: "ئایا بەڕاستی حەوسەڵە و ئارەزووی ئەوەت هەیە لە نووکەوە تا کۆتایی ئەم کتێبانە بخوێنیتەوە؟" ناوونیشانی هەندێک لە کتێبەکان بەمجۆرە بوو: (نەخش و نیگاری خانوو لە داستانەکانی گومویشهانەدا؛ رووداوەکانی پشت پەردەی هەڵگەڕانەوەی چەرکەز ئەدهەم لە ئەتاتورک؛ دارێژەری تاوانە سیاسییەکانی سەردەمی مەشروتە؛ بەسەرهاتی ئەو تووتییەی کە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە لەندەن لەسەر راسپاردەی سوڵتان عەبدول حەمید دەیکڕێت و لە بەریتانیاوە بۆ تورکیا رەوانەی دەکاتەوە؛ نموونەی نامەی ئەڤینداری بۆ کەسانی شەرمن؛ مێژووی هێنانی قرمیدی مارسیلیا بۆ تورکیا؛ بیرەوەرییە سیاسییەکانی پزیشکی دامەزرێنەری یەکەم نەخۆشخانەی شێرپەنجە لە تورکیا؛ کتێبێکی ١٥٠ پەڕەیی لە ساڵانی ١٩٣٠دا نووسراو سەبارەت بە مێژووی پیشەسازیی رۆژئاوا؛ دەرز و وانەکانی کۆمیسەرێکی پۆلیس سەبارەت بە هەڵکردن لەگەڵ رێبڕی، رووتکردنەوە، جنێودان و نایاساییەکانی کۆڵانە تەسک و بچووکەکان بۆ قوتابیانی کۆلێژی پێگەیاندنی پۆلیس؛ شەش بەرگی پڕ لە بەڵگەی بیرەوەرییەکانی سەرۆک کۆماری پێشوو؛ کاریگەریی پیشەکانی سەردەمی عوسمانی بەسەر شێوازەکانی کار و پیشەی هاوچەرخەوە؛ مێژوو و نهێنی و زنجیرەی شێخەکانی رێبازی جەڕاحی؛ بیرەوەرییەکانی ساڵانی ١٩٣٠ی نیگارکێشێکی لە بیرکراو لە پاریس؛ فێڵ و تەڵەکەی بازرگانەکان بۆ بەرزکردنەوەی نرخی فستق و بندق؛ کتێبێکی ٥٠٠ پەڕەیی مارکسییەکی تورکی لایەنگری سۆڤیەت کە پڕ بوو لە رەخنەی گران لە بزووتنەوەیەکی لایەنگری چین و ئەلبانیا؛ گۆڕانی شاری ئەرەغلی لە دوای دامەزراندنی کارخانەی ئاسن و پۆڵاوە؛ کتێبی ١٠٠ ناوداری جیهان بۆ منداڵانی تورک؛ بەسەرهاتی ئاگری ئاکسەرای؛ گوڵبژێرێکی وتارەکانی گۆشەی رۆژنامەنووسێک کە سی ساڵ لەوەوبەر لە نێوان دوو شەڕدا نووسیبوونی و خۆی لە بیری هەمووان چووبووەوە؛ کتێبێکی ٢٠٠ پەڕەیی مێژووی دوو هەزار ساڵەی شارەدێیەکی ئەنادۆڵی ناوین کە من بە جارێک سەیرکردن لەسەر نەخشە پێم نادۆزرێتەوە؛ بانگەشەکانی مامۆستایەکی خانەنشین، کە سەرەڕای نەزانینی زمانی ئینگلیزی، دەڵێت لە رێی خوێندنەوەی رۆژنامە تورکییەکانەوە

بکوژی کێنەدیی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکای دەستنیشان کردووە.) سالآنی دواتر زۆر جاران رووبەڕووی ئەو پرسیارە بوومەوە: "ئۆرهان بەگ، ئایا سەرجەم کتێبەکانی ناو کتێبخانەی خۆتان خوێندووەتەوە؟" منیش بە چاوی نزم بۆ ئەو پرسیارەم نەدەڕوانی. دەمگوت: «بەڵێ. ئەگەر هەموویشی نەخوێنمەوە، خۆ رۆژێک لە رۆژان بەکەڵکی شتێک دێن.»

وەک لەو وەلآمە بەدەربەستەشمەوە دەردەکەوێت، پێوەندیی من بە کتێبەوە لە چوارچێوەی سنووری بۆچوونی کەسێکی خۆشبیندا بوو کە پێی وا بوو دەتوانێت لە رێی بەدەستهێنانی زانیارییەوە جڵەوی گشت جیهان بگرێتە دەست. وا بیرم دەکردەوە رۆژێک لە رۆژان ئەو زانیارییانە لە رۆمانێکمدا بەکار دەهێنم. بەشێک لە ورەی پاڵەوانی "هێڵنج"ی سارتەرم تێدابوو کە خۆی فێری خوێندەواری دەکات و سەرجەم کتێبی ناو کتێبخانەی شارێک دەخوێنێتەوە. شتگەلێکم لە پیتەر کلاینی پاڵەوانی "کوێربوون"ی ئەلیاس کالیتی تێدا بوو، چونکە ئەو پاڵەوانە، وەک چۆن ئەفسەرێک شانازیی بە سوپاکانییەوە دەکات، شانازی بە کتێبەکانییەوە دەکات و هێزیان لێ وەردەگرێت. بیرۆکەی کتێبخانەی خەیاڵیی بۆرگەس بەلای منەوە خەیاڵێکی میتافیزیکی نەبوو ئاماژە بۆ بێ سنووریی جیهان بکات، بگرە ئەو کتێبخانەیە بوو کە بە کۆکردنەوەی دانە بەدانەی کتێب لە ماڵەوە لە ئەستەنبوڵ پێکەوەم نابوو.

ئەگەر کتێبێک لەسەر بنەمای یاسایی ئابووریی کشتوکاڵیی سەدەکانی پازدەیەم و شازدەیەمی دەسەلآتی ئیمپراتۆری عوسمانی بووایە، یەکسەر دەمکڕی. کاتێک دەمخوێندەوە چۆن باج خراوەتە سەر پێستی پڵنگ، لەو کتێبەوە حاڵی دەبووم لەو سەردەمەدا پڵنگ بە ئەنادۆڵدا گەڕاوە. شاعیری تێکۆشەر، نیشتمان پەروەر، رۆمانسی و داهێنەری سەدەی نۆزدەیەممان نامیق کەمال "ڤیکتۆر هۆگۆی تورک!" چەندین نامەی لە تاراوگەکانی خۆیەوە نووسیبوو، من لە رێی خوێندنەوەی بەرگە قورسەکانی نامەکانی ئەوەوە بۆم دەرکەوت ئەم شاعیرە ئەفسانەییەی قارەمانی ناو کتێبەکانی قوتابخانە و قارەمانی نوکتە و جۆکی قوتابیانی بێ ئەدەب، زمان پیس و جنێوفرۆش بووە. هەر کاتێک لە شوێنەکانی کتێبفرۆشتن کتێبی بیرەوەرییە سیاسییە پڕ لە سەفاکانی پەرلەمانتارێکی زیندانیکراو؛ کتێبی شارەزایەکی بیمە سەبارەت بە بەراوردکردنی نامۆترین رووداوەکانی سووتان و رووداوی ئۆتۆمبیل بە درێژاییی ژیانی و یاداشتەکانی دیپلۆماتکارێکی لووتبەرزم دەدی، کە کچەکەی هاوڕێی پۆلم بوو، دەستبەجێ دەمکڕی. دەمزانی خۆ

خەریککردن بە کتێبەوە بەشێک لە ژیان دەبات، جا کاتێک ئەمـــــەم بۆ روون دەبووەوە، وەک ئەوەی تۆڵە لە ژیانی بەفیرۆچوو بکەمەوە، کتێبم دەکڕی. فرۆشیارانی دووکانە ساردوسڕەکان چایان پێشکێشم دەکرد و من برادەرایەتیم لەگەڵیان دەکرد. ئێستا دوای بەسەرچوونی ئەو هەموو ساڵە، بۆم روون دەبێتەوە بە گەڕانم لە ناو خەرمانە کتێبی ئەو سەردەمەدا چەندین سەعاتی کامەرانم بەسەر بردووە.

ئێستا دوای بەسەرچوونی ئەو هەموو ساڵە، بۆم روون دەبێتەوە بە گەڕانم لە ناو خەرمانە کتێبی ئەو سەردەمەدا چەندین سەعاتی کامەرانم بەسەر بردووە

دوای بەسەربردنی نزیکەی ١٠ ساڵ لە هەڵدانەوەی کتێبی دووکانی کتێبفرۆشییەکانی ئەستەنبوڵ و بازاڕی پەڕاوفرۆشان، لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٧٠دا گەیشتمە ئەو باوەڕەی هەرچی کتێبی تورکیی بە پیتی لاتینی چاپکراو هەیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە تا ئەو رۆژە، من هەموویم هەڵداوەتەوە. جاروبار حسێبم دەکرد پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٨دا لەسەر خواستی ئەتاتورک میللەتێک بەیەک جار لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە چووە سەر ئەلفوبێی لاتینی، لە ماوەی ٥٠ ساڵدا لە تورکیا هەرە زیاد ٥٠ هەزار کتێب چاپ کراون. ئەو ژمارەیە تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٨دا توانی سنووری ١٠٠ هەزار کتێب تێ بپەڕێنێت. لەوانەیە نەخشەی نهێنیی پشت ئارەزووی کتێب کڕینمەوە ئەوە بووبێت سەرجەم ئەو کتێبانە لە ماڵی خۆمدا کۆ بکەمەوە... بەڵام زۆربەی کتێبەکانم بە غەریزەیەکەوە کۆ دەکردەوە کە لەو ساتەدا بە هەناومدا رادەبوورد. دانە بەدانە کڕینی کتێب لە کن من وەک خشت لەسەر خشت دانان و بنیاتنانی خانوویەک وا بوو.

زۆربەی کتێبەکانم بە غەریزەیەکەوە کۆ دەکردەوە کە لەو ساتەدا بە هەناومدا رادەبوورد

سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ تەنیا لە دووکانی کتێفرۆشانی کۆن نا، بگرە لە سەرجەم کتێبفرۆشییە گەورەکانی ئەستەنبوڵدا کەسانی وەک خۆم دەبینی. ئێواران سەعات پێنج، یاخۆ شەش سەرێکم لە کتێبفرۆشان دەدا و لە

فرۆشـیـارم دەپرسـی: «ئەمرۆ چی نوێ هەیە؟» یەک بەیەکی کتێـبە نوێیەکانی ئەو رۆژەم هەڵدەدایەوە و قسەم لەبارەیانەوە دەکرد. ئێستا لە ساڵی ۲۰۰۸دا ئەو ژمارەیە سێ هێندە زیادی کردووە، بەڵام لە ساڵانی ۱۹۸۰دا سـاڵانە نزیکەی ۳ هـەزار کتـێب لە تورکیـا بڵاو دەکرانەوە. من بەشی زۆری ئەو کتێبانەم بینیوە و نزیکەی نیوەشیان کتێبی وەرگێڕدراو بوون. لەبەرئەوەی لە دەرەوەوە زێدە کتـێب نەدەهێنرایە وڵاتەوە، هەوڵم دەدا لە رێی ئەو وەرگێڕانە بێ بایەخانەوە ئاگام لە رەوتی ئەدەبیاتی جیهانی بێت.

ئەو بەرگە کتێبە مێژوویی و گەورانەی لە رەگوڕیشەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و "دواکەوتوویی" و هەژاریی تورکیای ساڵانی ۱۹۷۰یان دەکۆڵییەوە، ئەستێرەی دووکانی کتێبفرۆشان بوون. ئەو مێژووە هاوچەرخ و بە دەنگۆیانەی بە زمانێکی هەڵچوو نووسراو کە هەموو رۆژێک بە پیتی نوێ دەنووسرانەوە و بۆ چاپ ئامادە دەکران، بە پێچەوانەی کتێبەکانی مێژووی کۆنی عوسمانییەوە -کە من هەموویانم کڕیبوو-، بەزۆری تاوانی کارەساتەکانی وڵاتیان نەدەخستە ئەستۆی خۆمان، بگرە هۆکارەکانی هەژاری، نەزانی و "دواکەوتوویی"ی ئێمەیان بۆ هێزە دەرەکییەکان، یاخۆ بۆ حەرامزادەیەکی ناوخۆمان، یان بۆ کەسانی خراپ دەگەڕاندەوە. رەنگە لەبەر ئەو هۆیەش بوویێت ئەو کتێبانە حەزیان لێ دەکرا و دەخوێندرانەوە. هەرچی کتێبێکی مێژوویی و رۆمان و یاداشتێک سەبارەت بە هەبوونی نهێنی و پیلانی نیازخراپ و گەمەی نێودەوڵەتیی لە "پشت" چەندین کودەتای سەربازی لە مێژووی نزیکماندا، بزووتنەوەی سیاسی، دۆڕان و تێکشکانە سەربازییەکانی بەراییی هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی و تاوانە سیاسییە لە بن نەهاتووەکانەوە بووایە، من لە دەستم نەدەدا و یەکسەر دەمکڕی. کتێبی مێژووی شاران، کە لەلایەن مامۆستایانی خانەنشینەوە دەنووسرا و لەلایەن نووسەران خۆیانەوە، یاخۆ لەلایەن شارەوانییەوە چاپ دەکران، یاداشتنامەی پزیشکان، ئەندازیاران، فەرمانبەرانی باج، دیپلۆماتکاران و سیاسەتمەدارانی نموونەیی، بەسەرهاتی ژیانی ئەستێرەکانی سینەما، کتێبی سەبارەت بە شێخ و رێبازە ئاینییەکان، ئەو کتێبانەی رووی ناوەوە و ناوی ماسۆنییەکانیان ئاشکرا دەکرد، هەر کتێبێک کەمێک جەفەنگ، تروووسکاییی ژیان، برێک راستی، یاخۆ هەر هیچ نەبێت تۆزقاڵێک تورکیای تێدا بووایە، من دەمکڕی.

لە سەردەمی منداڵیمدا زۆرم حەز لەو کتێبانە بوو کە دەوروبەری نزیک لە ئەتاتورک و برادەرانی نووسیبویانن و من هەموویم خوێندبووەوە. بە پێچەوانەی ئەو کتێبانەوە کە لەلایەن کەسانێکەوە نووسرابوون ئەتاتورکیان دەناسی و بەڕاستی خۆشیان دەویست،

یاساکانی ڕێگر لە بەردەم نەوەکانی دوای ئەواندا بۆ نووسین لەبارەی خولیا و ڕەهەندە مرۆییەکانی ئەتاتورکەوە، ئەویان کرد بە مرۆیەک لە سەرووی دەسەڵاتەوە و زۆر جاریش ناوی سەنگینی ئەو بە خراپی بۆ ڕەوایی بەخشین بە پاڵپەستۆ سیاسی و قەدەغەکارییەکان کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەمڕۆ بەهۆی ئەو قەدەغەکارییانەوە کە لە تورکیا هەن، مەحاڵە لە ڕۆمانێکدا وەک مرۆییەکی ئاسایی باس لە ئەتاتورک بکەیت، یاخۆ ژیاننامەیەکی جێی بڕوای ئەو بنووسیت و نەکەویتە زیندانەوە. بەڵام هێشتا ساڵانە سەدان کتێب لەبارەیەوە دەنووسرێت. ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێت کتومت وەک ئەوەی لە بواری کتێبە ئیسلامییەکاندا هەیە، قەدەغەکارییەکان بابەتی دژوار و ئاڵۆزی ئەتاتورکیان بۆ نووسەران ئاسانتر کردووە.

کاتێک لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٧٠دا دەستم لە بوون بە نیگارکێش و بیناساز شۆری و بڕیارم دا ببم بە ڕۆماننووس، لە تورکیا ساڵانە ٤٠-٥٠ ڕۆمان بڵاو دەکرانەوە. سەیری گشت ئەو ڕۆمانانەم دەکرد، بەو خەیاڵەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کەڵکی شتێک بێن، بەشی زۆریانم دەکڕی، لە بەهای ئەدەبییان زیاتر، لەبەر وردەکارییەکانی ژیانی لادێ، دیمەنی خەڵکی ناوچە دوورە دەستەکان و بڕگەی ژیانی ئەستەنبوڵ و تورکیا تێیاندا، کەمێک ئەمدیو و ئەودیوم دەکردن. نوراللە ئاتاچی ڕەخنەگری بەناوبانگی ساڵانی ١٩٥٠، لە سەرێکەوە بە دەنگی بەرز بەرگریی لە لاساییکردنەوەی ورد و درشتی شارستانیی ڕۆژئاوا -بەتایبەتی کولتووری فەڕەنسی- دەکرد و لە سەرێکی تریشەوە، گاڵتەی بەو تووڕەهاتانەی نووسەرانی نیوە نەخوێندەوار دەکرد کە لە لاساییکردنەوەی فەڕەنسییەکاندا لێیان دەوەشایەوە. ئا ئەو ئاتاچە جارێک نووسیبووی لە وڵاتێکی وەک تورکیادا پێویستە مرۆڤ بۆ پشتوانیکردن لە نووسەران و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، کتێب بکڕێت. من پێڕۆییم لەو ئامۆژگارییەش دەکرد.

بیرم لەو کتێبانە دەکردەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەیاننووسم و کامەران دەبووم. بەڵام جاری واش هەبوو لەبەرەوە تووشی ڕەشبینی و خەم دەبووم. هەڵەی زۆری ناو کتێبێک و ناوردبینیی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە سەرنجی منی پەرش و بڵاو دەکردەوە؛ لە کتێبێکی تردا بابەتێک هەبوو دەکرا زۆر ئاقڵانەتر و دەوڵەمەندانەتر دەستی بدرێتێ، بەڵام بەهۆی پەلە و هەڵەشەیی و هەڵچوون و شپرزەیی نووسەرەوە بابەتەکە کوژرابوو، ئەگەرچی ئەو مەسەلەیەم کەمێک بە تووڕەهات و ئازاربەخشیش دەزانی، کەچی پێشی خەمگین دەبووم... زۆریش خەفەتم دەخوارد کاتێک دەمبینی حەز لە کتێبی تووڕەهات و بێ نرخ دەکرێت و

کەسیش ئاوڕ لە کتێبی سەرنجڕاکێش و ئەفسووناوی ناداتەوە...

سەرجەم ئەو هەستانە دەستیان دەنا بە پەلەپیتکەی ئەندێشەیەکی گەورەتر و قووڵتری ناو هەناومدا و گەواڵە هەوری گومانی گیان پڕووکێنی ئەوەی کە خوێنەران و نووسەرانی وڵاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا بەدرێژایی ژیان لە شەڕ و تێکۆشاندان، لەبەرەوە لە سەرمدا گەورە و چڕ دەبووەوە: ئایا زانینی ئەوەی کە لە سەدەکانی پازدەیەم و شازدەیەمدا پڵنگ بە ئەنادۆڵدا سووڕاوەتەوە، دەکرا چ بایەخێکی هەبێت؟ یاخۆ شاعیر ئاسەف هالەت چەلەبی، کە خوێنەری تورکیش وەک پێویست نەیدەناسی، ئایا زانینی ئەوەی کە ئەدەبیاتی هندی کاریگەریی بەسەر شیعری ئەوەوە هەبووە چ واتایەکی دەگەیاند؟ زۆر بەلای منەوە گرینگ نەبوو داخۆ دەزگای هەواڵگریی تورک، یاخۆ ئینگلیزی لایەنگری نەدانی هەموو قوبرس بە یۆنانییەکان لە پشت ئەو ڕووداوانەی ٦-٧ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٥وە بوون کاتێک هێزی تاڵانکەر و شەڕەخۆران لە ئەستەنبوڵ ماڵ و دووکانی کەمینەکانی ئۆرتۆدۆکس و جوولەکەیان تاڵان کرد و قەشەکانی ئەوانیان کوشت. خوێندنەوەی ئەوەشم بەلاوە گرینگ نەبوو داخۆ ئەتاتورک و شای ئێران لە سەروبەندی پیاسەی تەنگەی بوسفۆردا باسی چییان کردووە. هەستم دەکرد ئەو نووسەرانەی لێکۆڵینەوە و ڕۆمان و کتێبی مێژوویی لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەنووسن، بەخۆڕایی ڕەنج دەدەن. وەک فاروقی مێژووناسی ناو دووەم ڕۆمانم "ماڵی کپ"، کە بەڵگەی سەدان ساڵەی ناو ئەرشیڤی عوسمانی دەخوێنێتەوە و بێ ئەوەی ڕووداوەکانیان لە بیر بکات و پێوەندی لە نێوانیاندا دابنێت، هەر هەمووی لە سەری خۆیدا دەپارێزێت، منیش لە ساتەکانی ڕەشبینیمدا نیگەران دەبووم بە "بایەخ"ی وردەکارییەکانی مێژوویەک و کولتوورێک و زمانێک کە بەسەرکەوتوویی لە کتێبخانەی خۆمدا پارێزگاریم لێ کردبوو.

ئایا لەم ڕۆژگارەدا ئەوە کەی گرینگە کێ ئاگری گەورەی ئیزمیری ناوەتەوە؟ هەستم دەکرد تەنیا چوار پێنج کەسی وەک من بایەخیان بە داگیرکاریی ٢٧ی گوڵان و هۆکارەکانی دامەزراندنی پارتی دیوکراتی دەدا لە دوای شەڕی جیهانی دووەم. ئایا ئەمە لەو سۆنگەیەوە بوو کە کولتووری تورکی زیاد لە سنووری خۆی سیاسی بوو؟ یاخۆ لەبەرئەوەی بەزۆری لە ڕێی سیاسەتەوە گوزارە لە ژیانی وڵات کرابوو؟ یاخۆ هەستی دووربوون لە ناوەند و دوورەپەرێزی بەهای کتێبخانەی میللی لە بەرچاوی مرۆڤ دەخات؟

بیر و خەیاڵی ئەوەی ڕووداوەکانی ناو ئەو کتێبانەی بە ئارەزووی خۆم ژوورەکانی ماڵەوەم پێیان پڕ کردبوو، بە ڕادەی ئەوەی خۆم دەمەوێت بۆ میللەتانی تر و پاشماوەی

جیهان گرینگ نییە، لەگەڵ هەستی خاڵیبوون و بێهودەیی، هەمیشە منیان نیگەران دەکرد. ئەگەرچی ئەو کاتەی لە بیستەکانی تەمەنمدا بووم، دووربوونی جیهانی خۆم لە چەقی دنیاوە جاروبار منی نائارام دەکرد، بەڵام ئەو هەستە رێگر نەبوو لەبەردەم زۆر خۆشویستنی کتێبخانەکەمدا. کاتێک لە سییەکانی تەمەنمدا بۆ یەکەم جار چوومە ئەمریکا و رووبەڕووی کتێبخانەی تر و دەوڵەمەندیی کولتووری جیهانی بوومەوە، ئەوە زۆر ئازاری منی دا کە لە جیهاندا شتێکی یەکجار کەم لەبارەی کولتوور و کتێبخانەی تورکییەوە دەزانرێت. ئەم ئازارە، هەمان کات هۆشیارکردنەوەی ئامۆژگاریدار بوو بۆ ئەوەی وەک رۆماننووسێک جیاوازیی نێوان رەهەندی کاتی و رەهەندە بنەڕەتییەکانی کولتوور و کتێبخانەی خۆم باشتر ببینم و "قووڵتر" خزمەتی ژیان و کتێبخانەکەم بکەم.

لە رۆمانی "لەسەرخۆیی"ی میلان کوندێرادا قارەمانێکی چیکی هەیە لە کۆبونەوەیەکی نێودەوڵەتیدا بەردەوام بە گوتنی "لە وڵاتەکەی مندا" دەست بە قسان دەکات و لەو سۆنگەیەشەوە مایەی پێکەنینە. ئەم قارەمانە، لەبەرئەوەی جگە لە وڵاتی خۆی بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە و پێوەندی و رایەڵەکانی نێوان مرۆڤایەتیی خۆی و سەرجەم مرۆڤایەتی نابینێت، بە چاوی سووک سەیر دەکرێت. بەڵام من کاتێک "لەسەرخۆیی"م خوێندەوە، خۆم نەدەسپاردە رای ئەو کەسانەی کە لە پای دووبارەکردنەوەی بەردەوامی "لە وڵاتەکەی مندا" بە چاوی سووک بۆ ئەو قارەمانە دەڕوانن، بگرە خۆم بەو قارەمانە قۆشمەیە دەپێوا، بەڵام نەک بەمەبەستی ئەوەی ببم بەو، بگرە بۆ ئەوەی بەو نەبم. بە سووک سەیرکردنی پەشێوحاڵیی ئەو کەسە نا کە لە پای ئەو کارانەی بۆ رزگاربوون لە دوورەدەستی و چەوسانەوە ئەنجامیان دەدات، ناپاول بە "پیاوی لاسایی" ناوی دەبات، بگرە بە خۆگرتن بەو و لێ تێگەیشتنی و ئەگەر لە زمانی قارەمانەکانی "کتێبی رەش"ەوە بڵێم-، لە سالانی ١٩٨٠دا ئینجا حاڵی بووم کە "دەبم بە خۆم."

لەبەرئەوەی مێژووی تورک هیچ کاتێک ژێردەستەیی رۆژئاوای بەخۆیەوە نەدیوە، لاساییکردنەوەی رۆژئاوا وەک ئەوەی کەمال ئەتاتورک داوای لە ئێمە کردووە بیکەین، شتێکی سووک و خەمبەخش نەبووە بەجۆری ئەوەی کوندێرا و ناپاول و ئێدوارد سەعید ئاماژەیان بۆ کردووە، تەواو بە پێچەوانەوە، لاساییکردنەوە بوو بە بەشێک لە ناسنامەی هاوچەرخی تورک. ئەفرۆز بەگ خۆشەویستترین و هەمان کات نەفرەت لێکراوترین قارەمانی ئەدەبی تورکییە کە بۆ رەخنەگرتن لە "لووتبەرزی و خۆ بە زلزانین"ی تاسەی بە رۆژئاواییبوون ئافرێندراوە، بەڵام ئەو شتەی کە قۆشمەیی شیرینی ئەفرۆز بەگ پێشانی

خوێنەری تورکی دەدات، دەوڵەمەندیی دەست لێ هەڵنەگیراویی کتێبخانەی تورکی نییە، تەنیا ئەوەیە کە عومەر سەیفەدین (١٨٨٤-١٩٢٠)ی نووسەری پۆلەمیک و نەتەوەپەرست و هەندێک جار باوەڕهێن بە رەگەز و پێوەندارییی خوێن و ئافرێنەری ئەفرۆز بەگ، دیاردەی بە رۆژئاواییبوون وەک بزووتنەوەی چینێکی باڵای لە میللەت دابڕاو دەخاتە روو.

من هەست دەکەم لەم بابەتانەدا لە دۆستۆیەڤسکییەوە نزیک بم، چونکە ئەو لە رۆشنبیرانی رووس تووڕەیە لەبەرئەوەی لە رووسیا زیاتر شارەزای ئەوروپان، بەڵام ناتوانم ئەم هەڵچوونەوەی دۆستۆیەڤسکی، کە رێی خۆش کرد بۆ بە نەفرەتکردنی تورگەنیەڤ، زۆر بە رەوا بزانم، چونکە لە خۆمەوە دەزانم لە پشت ئەم بەرگریکردنە پڕ ئارەزووەی دۆستۆیەڤسکییەوە لە کولتوور و سۆفیگەراییی ئۆرتۆدۆکسی رووس -ئایا بڵێین کتێبخانەی رووس؟- کاردانەوە و نارازیبوونێک نەک تەنیا لە دژی رۆژئاوا، بگرە لە دژی ئەو رۆشنبیرانەی رووسیش هەیە کە کولتووری خۆیان نەدەناسی.

لە ماوەی سی و پێنج ساڵی رۆماننووسیمدا فێر بووم تووڕەهاتترین، گوندیترین، بێ زەمانترین، هەرە دوورترین لە چاخ و مۆدەوە، بێ ئەقڵترین، هەڵەترین و نامۆترین کتێبی کتێبخانە تورکییەکەم بە مایەی پێکەنین نەزانم و فڕێی نەدەمە گۆشەوە. بەڵام نهێنیی توانای خۆشەویستنی ئەو کتێبانە لەوەدا نەبوو بەو شێوازەی کە نووسەران دەیانەوێت، بیانخوێنمەوە، بگرە لەوەدا بوو لە کاتی خوێندنەوەی ئەو کتێبە سەیر و بێ پێوەندی و جاروبار سەرسووڕهێنەرانەدا من خۆم دەخستە جێی نووسەرانیان. هەڵهاتن لە ناوچە دوورەدەستەکان چارەسەر نییە بۆ رزگاربوون لە دوورنشینی، بگرە چارەسەر ئەوەیە خۆت یەکسان بکەیت بە هەست و نەستی دانیشتووانی گۆشە و کەنارەکانی دەرەوەی شارە گەورەکان. ئەمەش وای کرد فێر ببم چۆن لە کتێبخانەی بەردەوام گەورەوەبووی خۆمدا قووڵ ببمەوە و چۆن هەمان کات مەودایەکیش لە نێوان ئەو و خۆمدا دابنێم. بەمجۆرە لە دوای چل ساڵیمەوە تێ گەیشتم بەهێزترین هۆکاری خۆشویستنی کتێبخانەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی لەلایەن رۆژئاوایی و تورکەکانیشەوە.

ئێستاش پێم دەڵێن: "خەڵاتی نۆبڵتان وەرگرت و ئەمساڵیش لە پێشانگەی کتێبی فرانکفورت ساڵی تورکیایە. ئایا پێناسەیەکی کتێبخانە تورکییەکەی خۆتانمان بۆ دەکەن؟" ئامادەم ئەمە بکەم و کتێبخانەی تورکی خۆشەویست بکەم، بەڵام دەترسم بەم کارەم خۆشەویستیی خۆم لە بەرامبەری لە دەست بدەم...

سەرچاوە: رۆژنامەی "میللیەت" ٢٠٠٨/١٠/٥